نمایشی هاوبەشی هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە پۆڵۆنیا

سەلاح جەلال

بۆ هەموو پرسیارو گەڕانێك دەبێت بچینەوە بۆ کەلتور، چییە و چۆنە؟ چی پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟ لەکوێوە دەست پێ بکەین؟ چۆن ئێستاو رابردوو بۆ ئایندە ئامادە بکەین،؟ چۆن لەناو گۆڕانکارییە هەنوکەییەکا ندا خۆ مان بدۆزینەوە؟ چۆن باس لەشونا سی رۆ شنبیری بکەین؟! لەکاتێکدا رۆ شنبیری کوردی توشی دەیەها گرفت و قەیرانی جۆراو جۆر هاتووە؟شونا سی ئێمەیش بەجۆرێك میم رێژکراوە ناتوانین بیر لەخۆمان بکەینەوە. (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم)ی دیکارت سەرقاڵی کردوین، چۆن لەم چەمکە فەلسەفییە قولە دەردە چین و بەڕووی جیهان و پێشکەوتنەکاندا دەکرێینەوەدا یەلۆژی تایبەت بەخۆمان دادەهێنین؟ ئەمەیش بەداهێنان دەکرێت لەبوارەکانی فیکرو مەعریفەدا و بتوانین هۆشمە ندی یەکەیەکی ئەدەبی لەنێوان خوێنەرەکاندا دروست بکەین. چۆن بتوانین لەو پەیوەندییەوە بە شداری لە یەکگرتنی کەلتورەکاندا بکەین؟. چۆن بەرەو جیهانێتی بچین و بتوانین هاوبە شی کەلتورەکانی جیهان بکەین؟!

پێشانگای هاوبەشی هەر چوار پارچەی کوردستان

نمایشی هاوبە شی هونەرمە ندانی هەر چوار پار چەی کورد ستان لە وڵا تی پۆڵۆنیا بەرێکخەری(ڤا چلاڤ کوچمە)بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ئۆکرێنگۆڤی شاری بیدگۆشی پۆلۆنیاو بەسەرپەرشتیاری رێکخەرو بیرۆکە و کارکەری ڤیستیڤاڵ بەڕێز (زیاد رەئوف) نوێنەری حکو مەتی هەرێم لەپۆڵۆنیاو بەسپۆنسەری سەرۆکی هەرێمی شاری بیدگۆشی پۆلۆنیا، لەرۆژی 2022/11/25 کاتژمێر شەشی ئێوارە ڤیستیڤاڵی(کوردستان روخسارەکانی رزگاربوون)دەستی پێکرد.بەدروشمی کەلتورو هونەر پەیوە ندی بەبوونی نە تەوەوە هە یە. بەپر سیارەکانی نە تەوەو شوناس و ئازادییەکان و هو نەری فرەلایە نە بۆ کۆ مەڵێك لەو هونەرمەندا نەی کورد، ئەوا نەی رۆ ڵی پێ شەنگیان لە سەر ئا ستی جیهانێتی هە یەو هۆ ڵە گەورەکانیان بۆ دەکرێ تەوەو توانیویا نە لەڕێی هونەرەکانیا نەوە شاراوەکان و دە نگ و هاوارە کانی ژ ێر زەوی و جە ستەی خەڵوزی هەزارەها مرۆڤی سپیل بهێننە قسە لەوانەی بەزوڵم و زۆر بەکۆمەڵی زیندە بەچاڵ کران ، ئەو دەنگانەی لە تابلۆکانەوە گوێی جیهان کەڕ دەکەن.

لەم پێشانگایە شدا مایکل ئەنجیلۆ ئا مادەگی هە یە، پەیکەرە کەی مو سا دەدوێذ یت، دەبێت زی ندوو بووبێتەوە؟. ئەم پانۆرامایە تەواوی وڵاتی پۆڵۆنیای گرتۆتەوە.

بەو وێنا بوونە فەزایەوە فەزا یەکی نا شێوەییان خستەوە ناو ئەو واقیعەی لێوەی دروست بوو بوو. فەزا یەك وەك گڕکان لەهاوار و دەنگ و هەنا سەی هەزارەهاوە شەبەقیان خستە ناو زەوی و لەخاکی پۆڵۆنیاوە لەهونەری شێوەکاریدا ئامادەبوونەوە: ئێمەین هاتووین بۆ نمایشی شانۆیەکی جیهانی ئەوا نەی زیندە بەچاڵ کراین:

مۆنۆمینتی ئەنفال

ئێمەین نەوەی توانەوەی کاروانی سوور

گڕی ئەتۆم نوقمی خاك و خۆڵی کردین

بەئەفسانەی سێزیف و پێچەوانەی ئۆدیبەوە

لەباوك یاخی بووینەوە

تێزابمان گۆڕی بەباران

لەسەردەمی تەکنەلۆژیاو ئەتۆمەوە

بەپەلکە زێڕینەی گزنگەوە هاتینەوە

مۆمێنتی کوردستانمان بەرۆح نەخشاند

بەو جۆرەیش فەزای ناشێوەیی پانۆرامای هەموو ئەو رۆح و جەستانە دەکات لە ژێر خۆڵەوە چەکەرەیان کردۆتەوەو بەو جل و بەرگە کوردەوار یەی زە مەنی مەرگەوە،بە شاڵ و رانك و چۆغەو جاما نەو چەفتەو سەرپۆش و کڵاوو پا تەی لا ستیك و مێ خەك و گۆ بەرۆك و هەموو کاڵا کوردەوار یەکانی خۆیا نەوە، کەبەرەنگی خۆڵەوە تێکەڵ ببوون لە مۆزەخانەکەدا لەڕێی رەمزو ئاماژەو ئیقونەو نیشانەوە ئێمەو ئەوان دەدوێننەوە:

– ئێ مە ئەو دەنگا نەین هاوارەکا نمان گەیشتە ئاسما نەکان، تونێ لەکانی جیها نمان بڕی، بە تەزووی فیزیاییەوە تێکەڵاوی بوون بووینەوە، ئێمە هاوارو بانگە شەی مرۆڤا یەتیمان هەڵگرتووەو کاروانی کۆچی سووری نەتەوەیەکی ژێر دەستەین.

لێرە لەمۆزەخانەی ئۆکرێنگۆڤی شاری بیدگۆشی پۆڵۆنیاوە لەتابلۆی هونەرمە ندانی کوردەوە، بەفڵچەو بۆیاخەکانیان شیرەخۆرەو ساواو ژن و منداڵ و پیرو لاوو گەنج زیندوو دەبنەوە. ئەوە ساوایەکە بۆ مەمکی دایکی دەکڕوزێتەوەو دوو دەنگ و هاوار لە خۆڵەکەدا خنکاون هەناسەیان دەکوژێتەوەو کچان بە وێنەی عیشقی عاشقەکانیانەوە تەزوو دەیانگرێتەوە.

مۆزەخا نە وێنە یەکی رۆژی حە شرە مرۆ ڤەکانی ژ ێر زەوی دێ نەوە سەر تەخ تەی شانۆو لە هو نەردا ئامادەگیان هەیە، ئەوان بەتۆڕی پر سیارەکانیانەوە ئێ مە دەدو ێنن و دە لێن: ئێ مە بە ئەنفال ناونراوین، لەژێر ناوی ئەنفالدا زیندە بەچاڵ کراین، جینۆسایدی دەولەتێکی تر نەبووین رۆ لەی ئەو خا کە بووین و حکومەتەکەی خۆمان خستینیە ژێر خاکەوە، ئێمە نەوەی مەرگەسات و زیندە مەرگین.

گرنگی ئەم پێشانگایە لەچیدابوو؟

گرنگی ئەم پێشانگایەیش لەسەرەتای پێشوازیکردن و ئامادەکارییەکانی بەرپر سانی حکو مەتی پۆڵ نداوە د یاری دا. لە گەڵ جێ گری سەرۆکی هەرێمی پۆڵۆ ذ یاو و پارێز گاری بیدکۆ شج و بەڕێوە بەری مۆزەخا نە کۆبوونەوە، هەریەکە لەوان و وەزیری رۆ شنبیری و لاوا نی حکو مەتی هەرێمی کورد ستان کاك(محە مەدی حە مە سەعید)وتاری گرنگ یان لە سەر هو نەرو پەیوە ندی و هاوبە شیان بە خەم و ژا نەکانی کوردەوە پێشکەشکرد. جگە لە ئا مادەبوونی رێژە یەکی بەر چاو لە رۆ شنبیران و هونەرمە ندان، پێ شبینی کراو نەبووە بەو جۆرە ئەوەندە ئامادەیی هەبێت، بەجۆرێك هەتا ئێستا پێشانگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەندانی کورد لەو شێوەیە نەکراوەتەوە. هەروەك هونەرمەندی کورد(جەلال رەئوف) لەکۆنگرەی رۆژنا مەوانی بەر لە کردنەوەی پێشانگاکەدا ئاماژەی پێکرد: بەچاوگی بایەخ و بەردەوامییەوە پێ شانگای کورد ستانمان بۆ رۆژنامەنو سەکان کردەوە. وە هەروەها بەڕێز (ز یاد رە ئوف) جەختی کردەوە هەتا ئێ ستا بە شداریان نەکردووە لە پێشانگایەکی لەو جۆرەی ئێستا، بەم شێوازە چڕەی جێ گەی بایە خدان ب ێت بۆ هو نەری کوردی.

ئەم پێشانگایەیش ریشاڵێکی قوڵی هەیە، لای زۆر لەو هونەرمەندانەی توانیویانە بە هونەرە کەیان جی هان تێ بگەیەنن و ئەو جەستانە بهێننەوە قسەو وەك تابلۆکەی ئەنجیلۆ واهەست بکات موسا زیندوو بۆتەوە.

سەرەتا دک تور (عو سمان ئە حمەد) بەناوی بە شداربوانی کوردەوە و تارێکی پێ شکەش کرد، ئەو کەسایەتییەی لەگەڵ تەوژمی ئەنفالدا ژیاو تری شقەی هاوارو گر یەو وێ نەی مەرگە سات روا نین و بی ستنی گرتوەو لەئێران چەندین پێشانگای بۆ ئەنفال کراوەکان کردەوەو دوا تر توانی بگا تە ئەوروپا و لەلە ندەن تابلۆکانی لە باشترین مۆزەخانەی تایبەت بەجینوساید دابنرێت و هەموو جیهان لە تاوانی ئەنفال هۆ شیار بکاتەوە. ئەم وتارەیش لەلایەن کاك(زیاد رەئوف) بە زمانی پۆڵەندی وەرگێڕدرابوو، هەر لەو رێو رەسمەدا (دکتور عوسمان ئەحمەد) دیسان ماکێتی مۆنیمۆتی ئەنفالی پێشکە شکرد، بەڕێوە بەری مۆزەخانە کەیش بڕیاری دا لەشارەکەیاندا وەك شاری سلێمانی بەشێوەی مۆنیمۆت دابندرێت. هەروەها بڕیاریش درا لەچوار

چێوەی ئەو چالاکیانەی ڤیستیڤاڵەکەدا زنجیرەیەك سیمینارو دیدارو نمایشی فیلم ئەنجام بدرێت لە سەر رەوشی ئەدەب و هونەر لەهەر چوار پارچەی کوردستانداو بۆ ماوەی سێ مانگ بەردەوامیان پێ بدرێت .

بگەشەپێدانی کەلتورەکان و رۆڵی هونەر

هشێوەیەکی گشتیش ئەم ڤیستیڤاڵە ناوەرۆکێکی بەهێزبوو بۆ گەشەدان بە یەکگرتنی کلتوورەکان و رۆڵی هونەری وێنە کێشان لە پێشکەوتن و خێرا گەیاندن و درووست بوونی پەیوەندی نێوان نەتەوەکاندا.

وە هەروەها بە شداربووانی کورد داوای ئەوەیان لە سەرۆکی مۆزەخانەو کاربەدەستانی تی ئەو ولا تە کردووە، داواکانیان بگەینرێتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئەو هاوکاری و پردە کەلتوریی و هونەری و پەیکەرسازی و وێنە کێشانە لە نێوانیاندا بەردەوام بێت.

شیاوی وتنە پێشانگاکە بەتابلۆو کاری هونەری کۆمەڵێك هونەرمەندی کورد رازا بوەوە، بریتیی بوون لەم هونەرمەندانە:(ئەحمەد نەبەز، ئاری عەتا، ئازاد کەریم محە مەد، ئازاد کەریم، ئازاد نانە کەلی، بەرهەم هاجۆ، بەڵدین ئەحمەد، بەیان جاف، چیمەن ئیسماعیل، دارا مەحمود عەلی، ئیبراهیم عەلی پور، فەیك رەسوڵ، فوئاد عزیز، هەڤین عەلی سلبی، جەلال رە ئوف، جەمال پێنجوێنی،خیری ئەدەم، ملڤا عومەر ئەمینی، محە مەد عەریف، مۆرازۆ جا جان، نامۆ مەحمود، رو ستەم زادە، نیعمەت شەباب، نۆریم ئیسماحەمیدی، عو سمان ئە حمەد، هۆ شیار کاکیل ئە حمەد، رۆ ستەم ئاغا لە، رو شدی ئەنوەر، ساکار سلێمان، شوکور سەعید، سلیمان شاکیر، تەنیا رازچید، وەلید سیتی، یونس محمود، یو سف صەلاح سیزی، زهرا دۆگان). کە زۆربەیان فیزەیان پێ نەدراوە هەتا ئامادە بن، ئەمەیش بۆتە هۆ کاری نارەزایی و هەموویان رەخنەو گازندەیان هەبووە بۆچی فیزەیان پێنەدراوەو بەشداریان نەکردووە.

دوا جاریش هەمویان ئامادەگیان هەبووە هەر لەوەزیری رۆشنبیری و نوێنەری باڵا لە هەموو حکوومە تە خۆجێیەکانەوە ئامادە بوون، لە پارێزگار و دە ستەکانی رۆشنبیری و چەندین و تاریش خوێندراونە تەوە هەموویان جەختیان لە سەر ئەوە کردۆ تەوە، پ شتیوانی لە هونەرمە ندانی کوردو کێ شەی رەوای نەتەوایەتیی بکرێت، پردێکی رۆشنبیری کەلتوری دروست بکرێت، و پێشانگاکە جێگەی رەزامەندی هەموو لایەك بووە و خوانی ئێوارەی ئەو رۆژەیش لەلایەن شارەوانییەوە ئامادەکراوە خوانێکی شایانە بووە.

بەم جۆرەیش ئەم ڤیستیڤاڵە بەردەوامەو بۆ ماوەی سێ مانگ لەبواری سینەماو شانۆو بوارە کانی تردا دەبێتە فەزایەکی سەرسوڕهێنەری کەلتوری لەنێوان کورد ستان و ولا تی پۆلۆنیا و ئەم پەیوەندییەیش بەردەوام گەشەی زیاتر دەکات لەبواری بەیەك گەیشتنی کەلتورەکان.

لەرۆنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(8813)پێنج شەممە 2022/12/8 بلاوبۆتەوە.

بەیەك گەیشتنی كەلتورەكان

نمایشی هاوبەشی هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی كوردستان لە پۆلۆنیا

سەلاح جەلال

بۆ هەموو پرسیارو گەڕانێك دەبێت بچینەوە بۆ كەلتور، چییە و چۆنە؟ چی پەیوەندییەكی بە ئێمەوە هەیە؟ لەكوێوە دەست پێ بكەین؟ چۆن ئێستاو رابردوو بۆ ئایندە ئامادە بكەین،؟ چۆن لەناو گۆڕانكارییە هەنوكەییەكا ندا خۆ مان بدۆزینەوە؟ چۆن باس لەشونا سی رۆ شنبیری بكەین؟! لەكاتێكدا رۆ شنبیری كوردی توشی دەیەها گرفت و قەیرانی جۆراو جۆر هاتووە؟شونا سی ئێمەیش بەجۆرێك میم رێژكراوە ناتوانین بیر لەخۆمان بكەینەوە. (من بیردەكەمەوە كەواتە من هەم)ی دیكارت سەرقاڵی كردوین، چۆن لەم چەمكە فەلسەفییە قولە دەردە چین و بەڕووی جیهان و پێشكەوتنەكاندا دەكرێینەوەدا یەلۆژی تایبەت بەخۆمان دادەهێنین؟ ئەمەیش بەداهێنان دەكرێت لەبوارەكانی فیكرو مەعریفەدا و بتوانین هۆشمە ندی یەكەیەكی ئەدەبی لەنێوان خوێنەرەكاندا دروست بكەین. چۆن بتوانین لەو پەیوەندییەوە بە شداری لە یەكگرتنی كەلتورەكاندا بكەین؟. چۆن بەرەو جیهانێتی بچین و بتوانین هاوبە شی كەلتورەكانی جیهان بكەین؟!

پێشانگای هاوبەشی هەر چوار پارچەی كوردستان

نمایشی هاوبە شی هونەرمە ندانی هەر چوار پار چەی كورد ستان لە وڵا تی پۆلۆنیا بەرێكخەری(ڤا چلاڤ كوچمە)بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ئۆكرێنگۆڤی شاری بیدگۆشی پۆلۆنیاو بەسەرپەرشتیاری رێكخەرو بیرۆكە و كاركەری ڤیستیڤاڵ بەڕێز (زیاد رەئوف) نوێنەری حكو مەتی هەرێم لەپۆلۆنیاو بەسپۆنسەری سەرۆكی هەرێمی شاری بیدگۆشی پۆلۆنیا، لەرۆژی 2022/11/25 كاتژمێر شەشی ئێوارە ڤیستیڤاڵی(كوردستان روخسارەكانی رزگاربوون)دەستی پێكرد.بەدروشمی كەلتورو هونەر پەیوە ندی بەبوونی نە تەوەوە هە یە. بەپر سیارەكانی نە تەوەو شوناس و ئازادییەكان و هو نەری فرەلایە نە بۆ كۆ مەڵێك لەو هونەرمەندا نەی كورد، ئەوا نەی رۆ ڵی پێ شەنگیان لە سەر ئا ستی جیهانێتی هە یەو هۆ ڵە گەورەكانیان بۆ دەكرێ تەوەو توانیویا نە لەڕێی هونەرەكانیا نەوە شاراوەكان و دە نگ و هاوارە كانی ژ ێر زەوی و جە ستەی خەڵوزی هەزارەها مرۆڤی سپیل بهێننە قسە لەوانەی بەزوڵم و زۆر بەكۆمەڵی زیندە بەچاڵ كران ، ئەو دەنگانەی لە تابلۆكانەوە گوێی جیهان كەڕ دەكەن.

لەم پێشانگایە شدا مایکل ئەنجیلۆ ئا مادەگی هە یە، پەیکەرە کەی مو سا دەدوێنێت، دەبێت زیندوو بووبێتەوە؟. ئەم پانۆرامایە تەواوی وڵاتی پۆڵۆنیای گرتۆتەوە.

بەو وێنا بوونە فەزایەوە فەزا یەکی نا شێوەییان خستەوە ناو ئەو واقیعەی لێوەی دروست بوو بوو. فەزا یەك وەك گڕکان لەهاوار و دە نگ و هەنا سەی هەزارەهاوە شەبەقیان خستە ناو زەوی و لەخاکی پۆڵۆنیاوە لەهونەری شێوەکاریدا ئامادەبوونەوە: ئێمەین هاتووین بۆ نمایشی شانۆیەکی جیهانی ئەوا نەی زیندە بەچاڵ کراین:

مۆنۆمینتی ئەنفال

ئێمەین نەوەی توانەوەی کاروانی سوور

گڕی ئەتۆم نوقمی خاك و خۆڵی کردین

بەئەفسانەی سێزیف و پێچەوانەی ئۆدیبەوە

لەباوك یاخی بووینەوە

تێزابمان گۆڕی بەباران

لەسەردەمی تەکنەلۆژیاو ئەتۆمەوە

بەپەلکە زێڕینەی گزنگەوە هاتینەوە

مۆمێنتی کوردستانمان بەرۆح نەخشاند

بەو جۆرەیش فەزای ناشێوەیی پانۆرامای هەموو ئەو رۆح و جەستانە دەکات لە ژێر خۆڵەوە چەکەرەیان کردۆتەوەو بەو جل و بەرگە کوردەوار یەی زە مەنی مەرگەوە،بە شاڵ و را نك و چۆغەو جاما نەو چەفتەو سەرپۆش و کڵاوو پا تەی لا ستیك و مێ خەك و گۆ بەرۆك و هەموو کاڵا کوردەوار یەکانی خۆیا نەوە، کەبەرەنگی خۆڵەوە تێکەڵ ببوون لە مۆزەخانەکەدا لەڕێی رەمزو ئاماژەو ئیقونەو نیشانەوە ئێمەو ئەوان دەدوێننەوە:

– ئێمە ئەو دەنگا نەین هاوارەکا نمان گەیشتە ئاسما نەکان، تونێ لەکانی جیها نمان بڕی، بە تەزووی فیزیاییەوە تێکەڵاوی بوون بووینەوە، ئێمە هاوارو بانگە شەی مرۆڤا یەتیمان هەڵگرتووەو کاروانی کۆچی سووری نەتەوەیەکی ژێر دەستەین.

لێرە لەمۆزەخانەی ئۆکرێنگۆڤی شاری بیدگۆشی پۆڵۆنیاوە لەتابلۆی هونەرمە ندانی کوردەوە، بەفڵچەو بۆیاخەکانیان شیرەخۆرەو ساواو ژن و منداڵ و پیرو لاوو گەنج زیندوو دەبنەوە. ئەوە ساوایەکە بۆ مەمکی

دایکی دەکڕوزێتەوەو دوو دەنگ و هاوار لە خۆڵەکەدا خنکاون هەناسەیان دەکوژێتەوەو کچان بە وێنەی عیشقی عاشقەکانیانەوە تەزوو دەیانگرێتەوە.

مۆزەخا نە وێنە یەکی رۆژی حە شرە مرۆ ڤەکانی ژ یر زەوی دێ نەوە سەر تەخ تەی شانۆو لە هو نەردا ئامادەگیان هەیە، ئەوان بەتۆڕی پر سیارەکانیانەوە ئێ مە دەدو یێنن و دە لێن: ئێ مە بە ئەنفال ناونراوین، لەژێر ناوی ئەنفالدا زیندە بەچاڵ کراین، جینۆسایدی دەوڵەتێکی تر نەبووین رۆڵەی ئەو خا کە بووین و حکومەتەکەی خۆمان خستینیە ژێر خاکەوە، ئێمە نەوەی مەرگەسات و زیندە مەرگین.

گرنگی ئەم پێشانگایە لەچیدابوو؟

گرنگی ئەم پێشانگایەیش لەسەرەتای پێشوازیکردن و ئامادەکارییەکانی بەرپر سانی حکو مەتی پۆڵ نداوە د یاری دا. لە گەڵ جێ گری سەرۆکی هەرێمی پۆڵۆن یاو و پارێز گاری بیدکۆ شج و بەڕێوە بەری مۆزەخا نە کۆبوونەوە، هەریەکە لەوان و وەزیری رۆ شنبیری و لاوا نی حکو مەتی هەرێمی کورد ستان کاك(محە مەدی حە مە سەعید)وتاری گرنگ یان لە سەر هو نەرو پەیوە ندی و هاوبە شیان بە خەم و ژا نەکانی کوردەوە پێشکەشکرد. جگە لە ئا مادەبوونی رێژە یەکی بەر چاو لە رۆ شنبیران و هونەرمە ندان، پێ شبینی کراو نەبووە بەو جۆرە ئەوەندە ئامادەیی هەبێت، بەجۆرێك هەتا ئێستا پێشانگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەندانی کورد لەو شێوەیە نەکراوەتەوە. هەروەك هونەرمەندی کورد(جەلال رەئوف) لەکۆنگرەی رۆژنا مەوانی بەر لە کردنەوەی پێشانگاکەدا ئاماژەی پێکرد: بەچاوگی بایەخ و بەردەوامییەوە پێ شانگای کورد ستانمان بۆ رۆژنامەنو سەکان کردەوە. وە هەروەها بەڕێز (ز یاد رە ئوف) جەختی کردەوە هەتا ئێ ستا بە شداریان نەکردووە لە پێشانگایەکی لەو جۆرەی ئێستا، بەم شێوازە چڕەی جێ گەی بایە خدان بۆ هو نەری کوردی.

ئەم پێشانگایەیش ریشاڵێکی قوڵی هەیە، لای زۆر لەو هونەرمەندانەی توانیویانە بە هونەرە کەیان جی هان تێ بگەیەنن و ئەو جەستانە بهێننەوە قسەو وەك تابلۆکەی ئەنجیلۆ واهەست بکات موسا زیندوو بۆتەوە.

سەرەتا دک تور (عو سمان ئە حمەد) بەناوی بە شداربوانی کوردەوە و تارێکی پێ شکەش کرد، ئەو کەسایەتییەی لەگەڵ تەوژمی ئەنفالدا ژیاو تری شقەی هاوارو گر یەو وێ نەی مەرگە سات روا نین و بی ستنی گرتوەو لەئێران چەندین پێشانگای بۆ ئەنفال کراوەکان کردەوەو دوا تر توانی بگا تە ئەوروپا و لەلە ندەن تابلۆکانی لە باشترین مۆزەخانەی تایبەت بەجینوساید دابنرێت و هەموو جیهان لە تاوانی ئەنفال هۆ شیار بکاتەوە. ئەم وتارەیش لەلایەن کاك(زیاد رەئوف) بە زمانی پۆڵەندی وەرگێڕدرابوو، هەر لەو رێو رەسمەدا (دکتور عوسمان ئەحمەد) دیسان ماکێتی مۆنیمۆتی ئەنفالی پێشکە شکرد، بەڕێوە بەری مۆزەخانە کەیش

بڕیاری دا لەشارەکەیاندا وەك شاری سلێمانی بەشێوەی مۆنیمۆت دابندرێت. هەروەها بڕیاریش درا لەچوار چێوەی ئەو چالاکیانەی ڤیستیڤاڵەکەدا زنجیرەیەك سیمینارو دیدارو نمایشی فیلم ئەنجام بدرێت لە سەر رەوشی ئەدەب و هونەر لەهەر چوار پارچەی کوردستانداو بۆ ماوەی سێ مانگ بەردەوامیان پێ بدرێت .

بگەشەپێدانی کەلتورەکان و رۆڵی هونەر

هشێوەیەکی گشتیش ئەم ڤیستیڤاڵە ناوەرۆکێکی بەهێزبوو بۆ گەشەدان بە یەکگرتنی کلتوورەکان و رۆڵی هونەری وێنە کێشان لە پێشکەوتن و خێرا گەیاندن و درووست بوونی پەیوەندی نێوان نەتەوەکاندا. وە هەروەها بە شداربووانی کورد داوای ئەوەیان لە سەرۆکی مۆزەخانەو کاربەدەستانی تی ئەو وڵاتە کردووە، داواکانیان بگەینرێتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئەو هاوکاری و پردە کەلتوریی و هونەری و پەیکەرسازی و وێنە کێشانە لە نێوانیاندا بەردەوام بێت.

شیاوی وتنە پێشانگاکە بەتابلۆو کاری هونەری کۆمەڵێك هونەرمەندی کورد رازا بوەوە، بریتیی بوون لەم هونەرمەندانە:(ئەحمەد نەبەز، ئاری عەتا، ئازاد کەریم محە مەد، ئازاد کەریم، ئازاد نانە کەلی، بەرهەم هاجۆ، بەڵدین ئەحمەد، بەیان جاف، چیمەن ئیسماعیل، دارا مەحمود عەلی، ئیبراهیم عەلی پور، فەیك رەسوڵ، فوئاد عزیز، هەڤین عەلی سلبی، جەلال رە ئوف، جەمال پێنجوێنی،خیری ئەدەم، ملڤا عومەر ئەمینی، محە مەد عەریف، مۆرازۆ جا جان، نامۆ مەحمود، رو ستەم زادە، نیعمەت شەباب، نۆریم ئیسماحەمیدی، عو سمان ئە حمەد، هۆ شیار کاکیل ئە حمەد، رۆ ستەم ئاغا لە، رو شدی ئەنوەر، ساکار سلێمان، شوکور سەعید، سلیمان شاکیر، تەنیا رازچید، وەلید سیتی، یونس محمود، یو سف صەلاح سیزی، زهرا دۆگان). کە زۆربەیان فیزەیان پێ نەدراوە هەتا ئامادە ببن، ئەمەیش بۆتە هۆکاری ناڕەزایی و هەموویان رەخنەو گازندەیان هەبووە بۆچی فیزەیان پێنەدراوەو بەشداریان نەکردووە.

دوا جاریش هەمویان ئامادەگیان هەبووە هەر لەوەزیری رۆشنبیری و نوێنەری باڵا لە هەموو حکوومە تە خۆجێیەکانەوە ئامادە بوون، لە پارێزگار و دە ستەکانی رۆشنبیری و چەندین و تاریش خوێندراونە تەوە هەموویان جەختیان لە سەر ئەوە کردۆ تەوە، پ شتیوانی لە هونەرمە ندانی کوردو کێ شەی رەوای نەتەوایەتیی بکرێت، پردێکی رۆشنبیری کەلتوری دروست بکرێت، و پێشانگاکە جێگەی رەزامەندی هەموو لایەك بووە و خوانی ئێوارەی ئەو رۆژەیش لەلایەن شارەوانییەوە ئامادەکراوە خوانێکی شایانە بووە.

بەم جۆرەیش ئەم ڤیستیڤاڵە بەردەوامەو بۆ ماوەی سێ مانگ لەبواری سینەماو شانۆو بوارە کانی تردا دەبێتە فەزایەکی سەرسوڕهێنەری کەلتوری لەنێوان کورد ستان و وڵاتی پۆلۆنیا و ئەم پەیوەندییەیش بەردەوام گەشەی زیاتر دەکات لەبواری بەیەك گەیشتنی کەلتورەکان.

لەڕۆنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(8813)پێنج شەممە 2022/12/8 بڵاوبۆتەوە.